Energy & Water Ombudsman NSW
Free, fair and independent

# کێشەی لەگەڵ کۆمپانیای کارەبا، گاز یان ئاوت هەیە؟

**EWON** یارمەتیی ئەو کەسانە دەدات لە **New South Wales** کە کێشەیان لەگەڵ کۆمپانیای وزەکەیان هەیە. ئێمە دەتوانین یارمەتیی مشتەرییەکانی ئاو بدەین.

ئێمە بێ بەرانبەر

ئێمە دادپەروەر

ئێمە سەربەخۆین

## ئاخۆ تۆ:

- لە تێگەیشتنی لیستەی پارەی وزە و ئاوەکەتدا کێشەت هەیە؟
- کێشەت لەگەڵ پێدانی لیستەی پارەکەت هەیە؟
- لەگەڵ پارەدان یان قەرزەکانت کێشەت هەیە؟
- لە پچڕانەکە نیگەرانی؟
- لە خزمەتگوزارییەکانی مشتەرییەکانی کۆمپانییەکەت ڕازی نی؟
- لە کردنەوە و داخستنی ئەژمارێکدا کێشەت هەیە؟
- باشترین بەهات بۆ پارە هەیە؟

## ئێمە چۆن دەتوانین یارمەتیت بدەین

- گوێ دەدەینە تۆ و یارمەتیی بڕیاڕی ئەوە دەدەین کە دەبێ چ بکەین
- ئەگەر پێویستیت بە وەرگێڕێکە ئێمە دەتوانین پەیوەندی بە وەرگێڕێک بکەین
- دەتوانین بەرپرسێکی باڵای کۆمپانیاکەت ئامادە بکەین پەیوەندیت پێوە بکات
- دەتوانین یارمەتیی بەئەنجامگەیشتنی دانوستانێک دەین
- دەتوانین لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکەت بکەین
- دەتوانین بە ئاژانسەکانی دیکەت بناسێنین گەر ئێمە نەتوانین یارمەتیت بدەین

## یارمەتیدانی پێدانی لیستەی پارەدان

- ئەگەر ناتوانی لەکاتی خۆیدا پارەکەت بدەی سەرەتا پەیوەندی بە کۆمپانیاکەت بکە بۆ ئەوەی پێش لە زیاتربوونی قەرزەکەت بگری
- ئێمە دوەتوانین کاتێکی زیاترت بۆ وەربگرین بۆ پارەدانی لیستەی پارەدانەکەت
- ئێمە دەتوانین یارمەتیی دانوستانی پلانێکی پارەدان بکەین و بەم شێوەیە تۆ دەتوانی لەکاتی خۆیدا پارەکەت بدەی
- ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین دەستت بە پرۆگرامە قابیلی پشتبەستنەکان ڕابگات
- دەتوانین هەندێک ڕێنماییت بدەینێ لەبارەی چۆنیەتیی پاشەکەوتی پارە بۆ لیستەی پارەدانەکانت
- دەتوانین زانیاریت لەبارەی پشتیوانییە داراییە بەردەستەکاندا بدەینێ

## ڕێنماییەکانی چارەسەریی گلەییەکان

- ئەگەر لەگەڵ کۆمپانیاکەت گرفتت هەیە، پەیوەندییان پێوە بکە و گرفتەکەتیان بۆ شی بکەوە
- دەتوانی داوا لە هاوڕێیەک یان ئەندامێکی خێزانەکەت بکەی لەلایەن تۆوە قسەیان لەگەڵ بکات
- ئەگەر پێویستیت بە وەرگێڕێکە، بە کۆمپانیاکەت بڵێ
- تۆماری نامەکان، ناوی ئەو کەسانەی کە قسەت لەگەڵ کردوون و ڕێکەوت و کاتەکان ڕابگرە
- ئەگەر ستافی ناوەندی پەیوەندی نەتوانن یارمەتیت بدەن، داوا بکە لەگەڵ ئەندامێکی باڵای ستافەکە قسە بکەی
- ئەگەر هێشتا کێشەکە چارەسەر نەبووە، پەیوەندی بە ئێمەوە بکە

## چۆنیەتیی پەیوەندیگرتن بە ئێمە

**دەتوانی لەگەڵ ئێمە قسە بکەی لەڕێگەی بەکارهێنانی وەرگێڕێک**

تەنیا پەیوەندی بە وەرگێڕێک و خزمەتگوزاریی وەرگێڕیٚ بکە بە ژمارەی **131 450** و داوای ئێمە بکە

دەتوانی داوا لە هاوڕێیەک، ئەندامێکی خێزان یان فەرمانبەرێکی کۆمەڵگەکە بکەی لەگەڵ ئێمە قسە بۆ تۆ بکات

**پەیوەندیی بێ بەرانبەر بە ژمارە مۆبایلی**
**1800 246 545**

(ئەگەر لە مۆبایلێکەوە پەیوەندی دەگری، بە ئێمەی بڵێ ئێمە پەیوەندیت پێوە دەکەینەوە)

بۆ زانیاریی زیاتر یان بۆ ناردنی سکاڵایەکی ئۆنلاین سەردانیی ماڵپەڕی ئێمە بکە

**www.ewon.com.au**